# هونەری داهێنەرانە و خوێندنەوەیەک بۆ دووانەی "پۆئسیس و پراکسیس" لە ڕوانگەی "جۆرجیۆ ئاگامبێن"ەوە

حەمەی کەریمی



٣٠ حوزەیران ٢٠٢٢ وتار

پەیوەندیی جوانی و حەقیقەت ترسی موقەدەسی هەموو ژیانم بووە.

نیچە

"جوانیناسیی هونەری مودێرن ئەوەندە سێبەری داناوە لەسەر هونەر، کاری هونەری چیتر وەک ڕابردوو نابێتە پێوەر و مەحەکی ڕەسەنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لەسەر زەویندا"

ئاگامبێن

## دەسپێکی باس

بە وتەی **ئاگامبێن** هونەری مودێرن تاکوو داهێنەرەکەی تیرۆر نەکا ڕاناوەستێ، ئەم بڕیارە داچڵەکێنەرەی ئاگامبێن بۆ لێکدانەوەی هونەر بەگشتی و بەتایبەتی هونەری مودێرن و گرنگتر لەمەش بە مەبەستی گەڕاندنەوەی پێگەی لە دەستچووی هونەرە لە ئێستادا. بە وتەی ئاگامبێن یەکەمین قوربانیی هونەری مودێرن هونەرمەندەکەیەتی. ئاگامبێن دەڵێ: کار و چالاکیی هونەری، بێگومان ئەو شتەیە کە ساز دەکرێ، بەڵام هونەر شتێک دەڵێت بەدەر لەو شتەی کە هەیە، واتە ئەو شتەی کە بەیانی دەکات بەدەر لەو شتەیە کە هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی زمان، زمان لە هەمان کاتدا ئاماژە بە خۆی دەدات ئاماژەیە بۆ شتێکی تر بەدەر لە خۆی، بەڵام کاری هونەری شتێکی تر بەدیار دەخات، کاری هونەری زیاتر وەک شوبهاندن (تەمسیل) دەردەکەوێ، چونکە لە کاری هونەریدا هاوکات لەگەڵ ئەو شتەی کە ساز دەکرێ، شتێکی تر بەرهەم دێت، ئەوەی کە بەرهەم دێت بەشی تاریک و بەتاڵی هونەرە، هەمان سیاچاڵەکەیە، "هونەری مودێرن بەو جۆرەی کە ئاگامبێن ئاماژەی بۆ دەکا بە مەبەستی سەوادی گەیشتن بە مانایەکی ڕەها بە شێوەیەکی ئۆختاپووسی لە هەوڵی ئەوەدایە تەواوی ماناکان قووت بدا و لە کۆتاییدا شوێن بۆ مانەوەی نیشانە و فۆرمگەلی بێمانا بکاتەوە". بۆیە ئاگامبێن باس لە گەڕاندنەوەی پێگەی لەدەستچووی هونەر دەکا و هاوکات باس لە گەڕاندنەوی مانا بۆ هونەر دەکات، چونکە ئەو پێی وایە هونەری مودێرن بە هۆی ناڕازیبوون بە جیاوزایی نێوان دووانەی (پۆئێسیس و پراکسیس) و هاوکات جێگۆڕکێی پراکسیس بە پۆئسیس لە ڕاستیدا دۆخی ڕەسەنی نیشتەجێبوونی مرۆڤی لەسەر زەمیندا تێک داوە.

**"حەقیقەت و هونەر، چیەتیی هونەر، حەقیقەت و ئیستاتیکا، هونەری داهێنەرانە و هونەری ئاسایی"**

کاتێک باس لە چەمکێکی وەکوو هونەر بە گشتی و بەتایبەتی هونەری داهێنەرانە دەکەین بێگومان لەگەڵ پرسێکی باسهەڵگر، فرەڕەهەند و پلۆراڵی وەک "حەقیقەت و جوانیناسی (aesthetics ) کە بیرمەندێکی وەک نیچە بە شێوەیەکی زۆر هەستیارانە لێی دواوە، ڕووبەڕوو دەبینەوە. هونەر و حەقیقەت وەک فەرهادپوور دەڵێ: هونەر وەک فۆرم و بەشێک لە حەقیقەت، پێوەندیی نێوان ئەم دوو چەمکە و حەقیقەتی هونەر و لەولاتریش پێوەندیی نێوان هونەر و جوانیناسی چۆنە و لێرەش بە چ جۆرە هونەرێک دەڵێن هونەری داهێنەرانە و جیاوازیی نێوان هونەری داهێنەرانە و هونەری ئاسایی یان بە تەعبیرە گشتییەکەی هونەری "عامە" چییە و تایبەتمەندییەکانی هونەری داهێنەرانە و ئەو تایبەتمەندییانەیش کە دەبێتە هۆی جیاکەرەوی هونەری ئاسایی و هونەری داهێنەرانە، ئەمانە و دەیان پرس و بابەتی تر بەم باسەوە لە پێوەندیی نێوان (حەقیقەتی هونەر و جوانیناسی و پێوەندیی نێوان هونەر و جوانیناسی) جێی باس و لێدوانی وردی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەری چەندین بیرمەندی وەک "کانت، هێگل، نیچە، کی یرکگور، بنیامین، ئادۆرنۆ و دیکەی بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت" بووە. لە کۆی ئەو پرسیارانەدا ئەوەی کە زیاتر سەرنجمان رادەکێشێ ئەوەیە کە بڕیارە هونەر لە چ جۆرە حەقیقەتێک لە گەڵ ئێمەدا بدوێ؟ حەقێقەتێکی ڕەها؟ یان حەقیقەتێکی ڕێژەیی؟ پرسێکی تر لە کۆی باسەکەدا ئەوەیە هونەر چ جۆرە پێوەندییەکی هەیە لەگەڵ جوانیناسیدا؟ بۆچی هەموو کاڵا و شتومەکێک لە هەوڵی ئەوەدایە وەک هونەر دەربکەوێ و خۆی بەدیار بخات؟ هەر چەشنە ڕوانینێکی ئوبژەکتیڤ لە پێوەندی لەگەڵ حەقیقەتی هونەردا وەک **فەرهادپوور** ئاماژەی پێ دەدا

له خۆیدا جۆرێک چەواشـــەکردنی حەقیقەتی هونەرە، ئەم چەواشـــەکردنەی حەقیقەتی هونەرە تەنانەت لە خودی وشەی "هونەر"یشدا بە ئاشکرا دەبینرێ.

ئەمەیش لە کاتێکدایە هەر کات باس لە حەقیقەتێکی ئیســـتاتیکی وەک هونەر دەکەین تەواوی ئاگایی و زانیاریی ئێمە لە هونەر بە هۆی ئاگاییمانەوەیە لە بەرهەمی هونەری نە خودی چەمکی هونەر، بەمەوە هونەر حەقیقەتێکی جوانیناســـانەی هەیە، بەڵام بەرهەمی هونەری بەردەوام لە هەناوی دۆخێکی مێژووییبیەوە لە گەڵمان دەدوێ، بۆیە هەر ئەم جیاوازییەی نێوان (هونەر و بەرهەمی هونەری) یەکێک لەو ناتەباییە دیالیکتیکییانەیە کە خودی هونەری کردووە بە گۆڕەپانی پڕ لە کێشـەی دەرکەوتنی حەقیقەت. لەبەر ئەمەشـە زۆربەی بیرمەندان و ڕەخنەگرانی ئەدەبی و هونەری بە گومانەوە لەگەڵ پێناســـەکردنی (هونەر چییە و ئەدەبیات چییە)دا هەڵسوکەوتیان کردووە. پێناسەی هونەر و ئەوەی کە هونەر چییە؟ بە جۆرێک پرسیاری چیەتیی هونەر و ماهیەتی هونەرمان بۆ دەورووژێنێت، هەندێک لە نووســەران و ڕەخنەگران لە پێوەندی لەگەڵ ئەم بابەتەدا باس لە چەندین شـێوازی جۆراوجۆریان کردووە، لەوانە "سـامۆیل بێکێت" لە وتووێژێکدا لە وڵامدانەوە بەم پرســـیارە (چیەتیی هونەر) و ئەوەی کە هونەر چییە؟ دەڵێت: لە زۆر ڕێگاوە هەوڵ دەدرێ بێهوودە شـتێک بگوترێ کە من ئێسـتا بۆ وتنی وەها شـتێک خەریکم بێهوودە هەوڵ دەدەم، تاکوو ئێستا من دووسەد تا سێسەد لەم ڕێگایانەم ئەزموون کردووە.

نووسـەرانێکی وەکوو **بێکێت** کە ژیانیان بە تەواوی تێکەڵ بە هونەر و ئەدەبە، باس لە دووسـەد تا سێسـەد ڕێگای جۆراوجۆر دەکەن بۆ داڕشتنی پرسیاری چیەتیی هونەر، ئەمەش سـەیر نییە، نەوەک هەر بێکێت بەڵکوو "ئادۆڕنۆ"یش لە کتێبی "تیۆریی جوانیناسی"دا دەیان شێوازی جیاوازی بۆ ڕووبەڕووبوونـەوە لـەگـەڵ پرســـی (چیـەتیی هونـەر)دا ئەزموون کردووە، گرنگترینیـان ڕووبەڕووبوونەوە و ناتەبایی نێوان دوو جەمســـەری پارادۆکســیکاڵ و دژبەکە، کە دەرخەری جۆرێک لە دیالیکتیکی مێژوویی و مانایی نێوان ئەو دوو جەمسەرەیە کە باسی دەکات، ئەڵبەت

ئەو دیالیکتیکەی کە "ئادۆرنۆ" لەنێوان دوو جەمسەری دژبەک بە مەبەستی دەرکەوتنی حەقیقەت لە بەرهەمی هونەریدا یان باشتر بڵێم لەپێناو بەدیارکەوتنی حەقیقەتی هونەردا باسی دەکا لەگەڵ ئەو دیالیکتیکەی هێگڵ کە دەرئەنجامی "سەنتێز" یان "کوللیەت"ی لێ دەکەوێتەوە جیاوازە، چونکە ئادۆرنۆ پێی وایە حەقیقەتێک کە لە هونەردایە نە حەقیقەتێکی ڕەها و سەرمەدییە و نە حەقێقەتێکی مەبەستدار (غایی).

**موراد فەرهادپوور** لە وتارێکدا کە باس لە هونەر و حەقیقەت دەکا بەپێی ئەم تیۆرەی ئادۆرنۆ و ئەو دیالیکتیکەی کە لەنێوان دوو جەمسەری دژبەیەکدا بە مەبەستی دەرکەوتنی حەقیقەتی هونەری دەیخاتە ڕوو، ئاماژە بە چوار جۆر ناتەبایی دەکات.

**یەکەم**: ناتەبایی نێوان بە کاڵابوونی بەرهەمی هونەری و بەرگری و مەقاومەتی بەرهەمی هونەری لە هەمبەر ئەم بە کاڵابوونەدا. **دووەم**: ناتەبایی نێوان بەشتبوون(فێتیشیسم)ی بەرهەمی هونەری و "نەفی" ئەو بەشتبوونەیە. **سێیەم**: دژایەتی و ناتەبایی نێوان "هونەر و ژیان"ە. **چوارەم**: ناتەبایی و دژایەتیی نێوان فۆرم و مانایە لە بەرهەمی هونەریدا.

دیارە من نامهەوێ بچمە ناو وردەکارییەکانی ئەم باسەوە و لێرەدا بەو دیالیکتیکەوە سەرقاڵ ببم، مەبەست لەم باسەش تەنیا بۆ ئەوە بوو نیشانی بدەم حەقیقەتێک کە لە هونەردا هەیە حەقیقەتێکی ڕەها و ئەبەدی نییە و هاوکات خاوەنی کوللیەتێکی گشتگیر و مەبەستدار نیە. بەڵکوو حەقیقەتی هونەر ڕێژەییە و وەک **نیچە** لە وتەیەکدا دەڵێ: "پێوەندیی جوانی و حەقیقەت ترسی موقەدەسی تەواوی ژیانم بووە". بەمەوە هەر چەشنە پێناسەیەکی تاکڕەهەند و یەکدەست کە حەقیقەتی هونەر وەک شتێکی ئەبەدی ، ڕەها و مەلەکووتی یان کوللیەتێکی گشتگیر پێناسە بکا، لە ڕاستیدا پێناسەیەکی چەواشەکارانەیە لە خودی هونەر و ئەو حەقیقەتەی کە لە هەناوی هونەردایە.

## "هونەر و جوانیناسی"

لە پێوەندیی نێوان "هونەر و جوانیناســـی"دا زیاتر باس لە پێوەندیی نێوان "هونەر و حەقیقەت" و هاوکات چیەتیی هونەر، دێتە ئاراوە. بۆ ئەم باســــانەش بۆچوونی جیاواز و جۆراوجۆر و دژبەیەک و ناتەبا بوونی هەیە، لە تیۆریی جوانیناســـیی ***کانت***ەوە بگرە تا بۆچوونەکانی **هێگڵ** و **نیچە** و **بنیامین** و **پۆل ڤالێری** و **شـۆنبێرگ** و **شـوپێنهاور** و، هاوکات بۆچوونی تایبەتی **ئادۆرنۆ** سەبارەت بە چەمکی جوانیناسی بە دەیان و سەدان بۆچوون و ڕوانگەی جیاواز سەبارەت بەم چەمکە و پێوەندیی نێوان هونەر و جوانیناســـی لە لایەک و لایەکی تر هونەر و حەقیقەت و لەم دواییانەشـــدا کتێبە بە ناوبانگەکەی **ئومبرتۆ ئێکۆ** (مێژوویی جوانی و دزێوی) لە بەردســـتدایە. لێرەدا بۆ ئەم باســـە ئاماژە بە دوو پارادایمی جیاواز دەدەم، یەکەم پارادایمێکی ڕەها و جاویدە بە نیسبەت هونەر و حەقیقەتی هونەرەوە ئەمەش دەڕواتەوە سەر شێوازی هونەر بۆ هونەر یان هونەری بێخەوش و پەتی، "شێوازی هونەر بۆ هونەر یان هونەری پەتی و بێخەوش کە هەڵگری دیدێکی لاهووتی و نیرڤاناییە و بە جیاکردنەوی تەواوەتی هونەر لە واقعیەت کار دەکا" لە لایەک و لەلایەکی ترەوە تێڕوانینێکی گشتگیر و گشتیشە بە نیسبەت ئەمری جوانیناسی.

وەک دیارە ئەم پارادایمە لای شوپێنهاور کاری پێ دەکرێت، چونکە ڕوانینی **ئارتۆر شۆپێنهاور** دەربارەی ئەشیا بە گشتی ڕوانینێکی جوانیناسانەیە، شۆپێنهاور سەبارەت بە هونەر باوەڕی بە حەقیقەتێکی نیرڤانایی و ئەبەدی هەیە و پێی وایە بە هۆی هونەرەوە و لە ڕێگای هونەرەوە دەگەین بە نیرڤانا و ئەبەدییەت، بەمەوە لە تەواوی رەنج و نەهامەتییەکانی ژیان ڕزگارمان دەبێت. ئەم پارادایمە کە هەڵگری دید و بۆچوونی شـوپێنهاورە سـەبارەت بە ئەمری جوانیناسـی و هاوکات هونەر و حەقیقەتی هونەر لە ڕاســـتیدا هەڵوەشـــێنەری ئەو دیالیکتیکەیە کە **ئادۆرنۆ** باسی دەکا.

پارادایمی دووەم کە پارادایمێکی کانتییە، بە پێچەوانەی پارادایمی یەکەمەوە کە پێی وابوو حەقیقەتی هونەر، حەقیقەتێکی نیرڤانایی و جاویدە و لە ڕێگەی هونەرەوە دەگەین بە ئەبەدییەت و نیرڤانا و هاوکات بۆ دەربازبوون لە هەموو ڕەنج و کۆسپەکانی بەردەم ژیان دەبێ بگەڕێینەوە بۆ لای هونەر و حەقیقەتی هونەر، بەڵام لای **کانت** ئەم پارادایمە تەواو بە پێچەوانەی پارادایمی یەکەمەوەیە، جوانی نەوەک هەر چەمک نییە بەڵکوو ناکرێ وەکوو کانسێپتیش تاوتوێی بکەین و هەڵسوکەوتمان لە گەڵیدا هەبێ، بەمەوە جوانی نابێتە شوێنکەوتەی وتەزا و چەمکۆی ئەرەستوویی، کانت دەڵێ: جوانی ئەزموونێکە بە هۆی چەمکەکانەوە ناناسرێ، بەمەوە ناکرێ پێناسەی مەفهوومی و پەیوەستە لە جوانی ئاراستە بکرێ، بۆ نموونە بڵێین ئەم شتە جوانە یان ئەمانە نموونەی جوانین، بۆیە ڕوانگەی جوانیناسانەی "کانت" یان با بڵێم جوانیناسیی کانتی لایەنی ناجیاکاری و مێژوویی زیاتر دەستەبەر دەکا و هاوکات بە نیسبەت لێکدژەکانەوە هەستیارتر هەڵسوکەوتیش دەکات، ئەمە یەکێک لەو بۆچوونانەی کانتە سەبارەت بە ئەمری جوانی و چەمکی جوانیناسی. بۆچوونی دووەمی کانت سەبارەت بە پرسی جوانی، نامەبەست بوونە لە ئەزموونی جوانیناسیدا. کانت پێی وایە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ پرسی "جوانی"دا، ئیتر ئەو جوانییە سروشتی بێت یاخود هونەری، پێویستە تەواوی داواکاری و ئارەزووەکانمان وەلابنێین و بە حاڵەتێکی بێ مەبەست سەیری جوانی بکەین، ئەم بێ مەبەست سەیرکردنەی جوانی، ئیتیک(ئەخلاق)یش دەگرێتەوە، بەمەوە کانت دەڵێ جوانی لە خۆیدا نە چاکە و نە خراپە، واتە نە خێرە و نە شەڕە. هاوکات پرسی جوانی لەگەڵ هیچ کام لە چەمکەکانی ئاوەزی هزری و کردەیی بەراورد ناکرێ، ئەم بێ مەبەست ڕاونینە بە نیسبەت جوانییەوە دەلالەت دەکا لەسەر حاڵەتی ئۆتۆنۆمی بەرهەمی هونەری و ئەوەی کە ئادۆرنۆ وەکوو ئۆتۆنۆمی دەق باسی دەکا و بە هۆی لۆژیکی دەروونیی خۆیەوە لە هەمبەر بەشتبوون و بەکاڵابوونی دەقدا بەرگری دەکات. سێیەمین بۆچوونی کانت سەبارەت بە "جوانیناسی" یان با بڵێم مانای کانتی لە جوانیناسی ئەم وتەیەی کانتە کە دەڵێ: مەبەستداربوونی بێ مەبەست

(قصــديت بدون قصــد) لێرەدا ئەو دیالیکتیکەی نێوان بەشــتبوونی دەق و بەرهەمی هونەری لە لایەک و مەقاومەت و بەرگریی دەق لە بەرانبەر ئەو بەشـــتبوونەدا پێکهاتەی لۆژێکی زمان تێک دەشــکێنێت، کانت دەڵێت: بەرهەمی هونەری دەبێ بە شــێوەیەک خۆی دەربخات کە دەرکەوتنی مەبەســـتی هونەرمەند تیایدا بەدیار نەبێ، بێگومان ئێمە هیچ دەقێکی هونەری لە ئەنجامدا نابینینەوە کە مەبەســتێکی تایبەت لە هێنانەئارای ئەو دەقە لە پشــتییەوە نەبێت، بەڵام کانت پێی وایە نابێ ئەو مەبەستە لە دەقدا دیار بێت، بۆیە ئێمە بەردەوام لەگەڵ دوو ڕەهەندی (مەبەستدار و بێ مەبەست) لە دەق و بەرهەمی هونەریدا بەرەوڕوو دەبینەوە.

**"هونەری داهێنەرانە"**

هونەری داهێنەرانە چییە و لە کۆی ئەو پێناســـانەی لە پێوەندی لەگەڵ (حەقیقەت و هونەر، حەقیقەت و جوانیناســـی، حەقیقەتی هونەری و جوانیناســـی) کە باس کران هونەری داهێنەرانە وەک خۆی چ پێناســـەیەک وەردەگرێ؟ بە جۆرێکی تر هونەری داهێنەرانە کە خۆی لە پێناســەیەکی گشتی و گشتگیری وەک "پۆئێســیس– پراکسیس"دا دەبینێتەوە و جیاوازی لەگەڵ هونەری ئاساییدا چییە؟

بۆ لێکدانەوی ئەم باســە پێویســتە بچینەوە لای **ئەفلاتوون** و پێناســەکەی ئەفلاتوون لە کتێبی "سیمپۆزیۆم-میوانی"دا سەبارەت بە دوو چەمکی "پۆئێسیس و پراکسیس" وەربگرین. ئەفلاتوون لە کتێبی "ســیمپۆزیۆم"دا ئێمە بە مانای ســەرەکیی چەمکی "پۆئێســیس" ئاشــنا دەکا، پێناســەی ئەفلاتوون لە "پۆئێســیس" بەم جۆرەیە؛ (هەر شــتێک ببێتە هۆی بەدیهاتنی شــتێکی تر کە پێشــتر بوونی نەبووە) لە نەبوونەوە بۆ بوون، واتە بوونی شـــتێک لە نەبوونەوە بۆ بوون، یان لە (نەبوون و شاردراوەیی بەرەو بوون و دەرکەوتن) واتە شتێ کە بەرهەمهێنراو و دادەهێنرێ،

واتە لە حاڵەتی داهێناندا بێ، "پراکسیس"یش کردارە، هەر چەشنە کار و چالاکییەکی ئینسان لای ئەفلاتوون دەبێتە پراکسیس. بەڵام پێم باشە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری چەمکی "پراکسیس" بچمەوە لای **ئەرەستوو**، ئەرەستوو ئەگەرچی تا ڕادەیەک لەگەڵ پێناسەکەی ئەفلاتوونە، بەڵام هەندێ جیاوزایی دیاریشی هەیە لەگەڵ ئەفلاتوون بە تایبەت سەبارەت بە چەمکی پراکسیس. لای ئەرەستوو "کار" یان کردار بە مانای چالاکییەک دێت کە لە حاڵەتی دەرکەوتندا بێت، (دەرکەوتنی شتی نوێ-حدوث) ئەمە مانای تەواوی "پراکسیس"ە لای ئەرەستوو. دەرئەنجامی ئەو چالاکییە هەر شتێک بێت، دەبێتە "پراگما" بۆیە بەو کەسانەی کە زیاتر ئەهلی کار و چالاکی و بە کردارکردنن، دەگوترێ "پراگماتیست". بەپێی بۆچوونەکەی ئەرەستوو، "پراگما" هۆکاری "فۆرمالی-صوری"یە و سەربەخۆیە لە هۆکاری "فینالی-غایی"، واتە پراگما بەپێی پۆلێنەبەندییە لۆژیکییەکەی ئەرەستوو هۆکاری مەبەست نییە، بەڵکوو هۆکاری فۆرمالییە، چونکە چالاکییەک بە مەبەست نەگەیشتبێ هێشتا باس لە بنەماکانی خۆی دەکات.

پێناسەی ئەفلاتوون لە چەمکی پۆئێسیس بە مانای (داهێنان و بەرهەم) هەموو داهێنانێکی مرۆڤ لە هەر بوارێکدا دەگرێتەوە و هەر جۆرە کار و چالاکییەک کە دەرئەنجامەکەی داهێنان بێت دەڕواتە خانەی هونەری داهێنانەوە. بۆیە کاتێک باس لە پۆئێسیس و پراکسیس دێتە ئاراوە، ئێمە لە فەلسەفەی یونانییەکاندا لەگەڵ دوو وشەی (ئارخێ-ἀρχή) بە مانای بنەما و ئاخێزگە (خاستگاە) کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ چەمکی "پۆئێتیک"دا هەیە و هاوکات وشەی (تێخنێ-Τέχνες) هەمان وشەی "تەکنیک" ناوێ کە یونانییەکان بۆ هەر چەشنە کارێکی هونەری وەکوو (پیشەگەری)، ئەو زەرفەی کە دروستیان دەکرد و بۆ هەمارکردنی خۆراک و خواردنەوە بەکاریان دەهێنا. یان پەیکەرتاشێک کە هەیکەل و پەیکەرێک ساز دەکا و شاعیرێک کە شیعرێک دەڵێ، هەموویان جۆرگەلێکن لە داهێنان و ئافراندن، یونانییەکان بە تەواوی ئەم چالاکییانەیان دەگوت "تێخنێ" واتە تەکنیک، کرداری کە دەگات بە داهێنان. بەم پێناسەیە ئێمە جیاوازییەک

لەنێوان هونەری داهێنەرانە (خلاقانە) و هونەری ئاسـاییدا نابینین، تەنانەت ئەو کرێکارەش کە ڕۆژانە خەریکی ئەنجامدانی کار و چالاکییە دەرئەنجامی کارەکەی ئەویش دەبێتە جۆرێک داهێنان، بەمەوە چالاکی ئەو کرێکارە لەگەڵ ئەو شـاعیر و پەیکەرتاشـەی کە داهێنان دەکات جیاوازییەکی نییە. بەڵام جۆرجیۆ ئاگامبێن لە ڕاڤە و لێکدانەوەی دوو چەمکی "پۆئێسـیس و پراکسیس"دا باس لە جیاوازییەکی سەرەکی لەنێوان هونەری "داهێنەرانە " و هونەری "ئاسایی"دا دەکات.

## "لێکدانەوەی دوو چەمکی پۆئێسیس و پراکسیس لە ڕوانگەی ئاگامبێن"ەوە

ئاگامبێن لە باس و لێکدانەوەی دووانەی "پۆئێسیس و پراکسیس"دا کە دوو چەمکی فەلسەفی و هونەرین و یۆنانییەکان بۆ یەکەمجار بەکاریان هێناوە و دواتر لە زمانی لاتیندا ئەرەسـتوو لە وشـەی ئارخێ بە مانای بنەما و ئاخێزگەی هونەر، هەروەها تێخنێ، چالاکی و کردەی مرۆڤ کەڵک وەردەگرێ باس لە چەند شـتێک دەکا. **یەکەم**: ڕاڤە و لێکدانەوەی وەزعیەتی پۆئێتیکی مرۆڤ لەسەر زەویندا بە خوێندنەوەی وتە بەناوبانگەکەی **هوڵدەرلین** بەوەی کە: مرۆڤ لەسەر زەویندا شاعیرانە دەژی. **دووەم**: لێکدانەوەی دووانەی (پۆئێسیس و پراکسیس) لای ئەفلاتوون و ئەرەسـتوو. **سـێیەم**: ڕەخنە لە هونەری مودێڕن بەوەی کە جێگۆڕکێی کردووە بە دووانەی پۆئێسیس و پراکسیس و لە شوێنی پۆئێسیس، پراکسیس بەکار دێنێت. **چوارەم**: جیاوازیی نێوان هونەری داهێنەرانە و هونەری ئاسـایی. **پێنجەم**: بەرزتر نرخاندنی پۆئێسـیس لە پراکسـیس و کشانەوە بە لای ئەرەستوودا.

ئاگامبێن کۆی باسەکەی لە ڕاڤە و لێکدانەوەی دووانەی "پۆئێسیس و پراکسیس"دا سەبارەت بە وەزعیەتی شاعیرانەی نیشتەجێ بوونی مرۆڤە لەسەر زەمیندا (کە **هایدیگەر** بە خوێندنەوەی

وتەکەی هوڵدەرلین باس لە دۆخی شاعیرانەی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی دەکا و لە هەناوی هەموو هونەرێکدا شیعر دەبینێ) وەزعییەتی شاعیرانەی مرۆڤ لەسەر زەویدا بە چالاکیی داهێنەرانە لێک دەداتەوە، بەو مانا کاتێک دەڵێین مرۆڤ لەسەر زەویندا وەزعییەتی شاعیرانەی هەیە، واتە چالاکیی داهێنەرانەی هەیە. ئاگامبێن دەڵێت چالاکیی داهێنەرانە (فعالیت فر- آورانە) لە ئێستادا بە مانای پراکسیسە، ئەمە لە کاتێکدایە چالاکی داهێنەرانە لای یونانییەکان و بە تایبەت بە پێناسەی ئەفلاتوون " پۆئێسیس " بووە، نەوەکوو پراکسیس، بەڵام ئاگامبێن چالاکیی داهێنەرانە لە ئێستادا وەک پراکسیس ناو دەبات نەوەکوو "پۆئێسیس". ئاگامبێن ڕەخنە لە هونەری مودێرن دەگرێت بەوەی کە جیاوازیی نێوان دووانەی "پۆئێسیس و پراکسیس" نابینێ و بە هەڵە بەکاریان دەهێنێت، ئاگامبێن لەو باوەڕەدایە جیاوازیی نێوان دووانەی "پۆئێسیس و پراکسیس" یان فەر ئاوەری- داهێنان و کردار لە هونەری مودێرندا نەماوە. ئاگامبێن دەڵێت یونانییەکان قایل بوون بە جیاوازییەکی بنەمایی لەنێوان دووانەی "پۆئێسیس – پراکسیس"دا.

لای یونانییەکان چالاکیی پیشەگەرێک و چالاکیی هونەرمەندێکی شێوەکار یان شاعیرێک جۆرێک لە پۆئسیس بووە، بەم مانا هەموو توێژەکان بە پیشەگەر و شاعیر و شێوەکار و پەیکەرتاشەوە خەسڵەتێکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش هاوبەشبوونە لە خەسڵەتی پۆئێسیس بووندا و بە جۆرێک هەموویان سەرقاڵی داهێنانن واتە خەریکن شتێک لە نەبوونەوە دەخولقێنن و دەیهێننە پانتایی بوون و دەرکەوتن، بەڵام پراکسیس بە مانای ئەنجامدان و کاراکردنەوەیە، واتە بە کردەییکردن و وەک ئەرەستوو دەڵێت چوونە حاڵەتی "پراگما"وە. ئەم خەسڵەتە پۆئێتیکی یان شاعیرانە هەموویان گرێ دەداتەوە بە سروشتەوە یان بە مانا یونانییەکەی (فووزیس)ەوە. بە بووچوونی ئاگامبێن، ئەفلاتوون پێی وابووە هەموو شتێک تەنانەت "فوزیسیش" کە بۆ خۆی هۆکاری خۆیەتی لەوەی کە خۆی دەێنێتە گۆڕەپانی دەرکەوتن و هاوکات کار و چالاکیی ئەو هونەرمەندەش کە بە هۆی ئەوەوە شتێکی تر دێتە گۆڕپانی بوون و دەرکەوتنەوە، وەک یەک

خاوەنی خەسـڵەتێکی پۆئێتیکی یان شـاعیرانەن. بەڵام ئاگامبێن لەم بابەتەدا زیاتر بە لای ئەرەسـتوودا دەڕوات تاکوو ئەفلاتوون، بۆچی ئاگامبێن زیاتر بە لای ئەرسـتوودا دەشـکێتەوە و خۆی بە ئەرەستووەوە دەبەستێ نەوەک ئەفلاتوون؟ لەبەر ئەوەی "ئەرەستوو لە ماتماتیکدا قایل بوو بە جیاوازی سـەبارەت بە دوو شـت، یەکەم ئەو شـتەی کە بە هۆی خودی سـروشـتەوە بوونی هەیە، دووەم ئەو شتەی کە بوونی ئەو بەستراوە بە هۆکارێکی ترەوە لە چەشنی تەکنیک یان لێهاتوویی شـتێکی تر. ئەرەسـتوو جیاوازی دادەنێت لەنێوان ئەم دوو شـتەدا. واتە شـتێ کە بە هۆی سروشتەوە دێتە بوون وەکوو خودی سروشت و دیاردەکانی ناو سروشت کە بەهۆی " فووزیس"ەوە دەردەکەون و لە نەبوونەوە دەگوازرێنەوە بۆ گۆڕەپانی بوون و حزوور پەیدا دەکەن، هەروەها ئەو شـتانەش کە بە هۆی هۆکارگەلێکی ترەوە دەردەکەون و سـەر هەڵدەدەن، بۆ نموونە شیعرێ کە بە هۆی شاعیرێکەوە دەخولقێ یان تابلۆیەک کە بە هۆی شـێوەکارێکەوە دەردەکەوێ یان خود پەیکەرێ کە بە هۆی پەیکەرتاشێکەوە دێتە گۆڕەپانی بوونەوە.

ئێسـتا شـیعرەکە و تابلۆکە و هەروەها پەیکەرەکە بە هۆی تەکنیک و لێهاتوویی هەرکام لە هونەرمەندێکی شـێوەکار/شـاعیر و پەیکەرتاش لە نەبوونەوە گواسـتراونەوەتەوە بۆ گۆڕەپانی بوون و دەرکەوتوون، یان بە تەعبیری ئەفلاتوون لە حاڵەتی شـاردراوەییدا گواسـتراونەتەوە بۆ حاڵەتی رووناکی. بەپێی بۆچوون و بەڵگاندنەکەی ئاگامبێن، ئەرەسـتوو پێگەی پۆئێسـیس بەرزتر لە پراکسیس دەبینێت. ئاگامبێن پێی وایە خەسەڵەت و جەوهەری پۆئێسیس ئەوەیە کە پۆئێسیس حاڵەتێکە لە حەقیقەت. بۆیە ئاگامبێن لێرەدا بە رێگاکەی ئەرەسـتوودا دەڕوا و هەمان پێگە بۆ پۆئێسـیس قایل دەبێ کە ئەرەسـتوو پێی قایل بووە و شـکۆ و پێگەی پۆئێسـیس لە پراکسـیس بە بەرزتر دەزانێ، چونکە ئاگامبێن پێی وایە پۆئێسـیس فەزای ڕەسـەنی مرۆڤ وەک هەبوونی دۆخی شاعیرانە لهسەر زەویندا وێنا دەکات، بەمەوە هایدیگەر و ئاگامبێن هەوڵ دەدن ئەم جۆرە ڕوانینەی ئەرەستوو سەبارەت بە پۆئێسیسەوە بە مانای کردنەوەی جیهان بۆ نیشتەجێبوونی

تەواوی مرۆڤ بگەڕێننەوە، بۆیە هەوڵی ئاگامبێن ئەوەیە کە پێگە و شـــکۆی ڕەســـەنی کار و چالاکیی هونەری بە وێرانکردنی بۆچوون و تێڕوانینی ئیســتاتیکای چەقبەســتوو لە ســەردەمی ئێمەی مودێرندا بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو بەســتێنەی کە پێویســت بوو پرســیاری بونیادی لە مانای ئیســـتاتیکا وەک زانســـتێک کە چاودێری کاری هونەری دەکا بڕەخســـێنێت، بۆیە مەبەســـتی سـەرەکیی ئاگامبێن لە باس و لێکدانەوەی  دووانەی "پۆئێسـیس و پراکسـیس"دا گەڕانەوەی پێگە و شکۆی پێشووتری کار و چالاکیی هونەرییە، هونەر وەکوو پێکهێنەر و  سازدەری ڕاستەقینەی کردار و باوەڕەکان.

## "هونەری داهێنەرانە و تایبەتمەندییەکانی"

وەکوو پێشـتر ئاماژەم پێدا پێناسـەکەی ئەفلاتوون لە چەمکی پۆئێسـیس لە کتێبی "سـیمپۆزیۆم"دا بە مانای داهێنان (فەر ئاوەردە) هەموو کار و چالاکییەکی ئینســـــان لە هەر بوارێکدا دەخاتە نێو کەیسـی هونەری داهێنانەوە  (پۆئێسـیس) لە فەلسـەفەی یونانییەکاندا ئێمە لەگەڵ دوو وشـە یان دەســتەواژەی (ئارخێ) بە مانای ئاخێزگە و بنەما کە پێوەندیی ڕاسـتەوخۆی لەگەڵ پۆئێسـیسـدا هەیە و هەروەها (تێخنێ) هەمان تەکنیکی زمانی ئینگلیزی کە یونانییەکان لەو ســـەردەمەدا بۆ هەر چەشـــنە کارێکی هونەری لە چەشـــنی (پیشـــەگەری ، مســـگەری، زێڕینگەری، کرێکاری، پەیکەرتاشـی، شـاعیری) بەکاریان دەهێنا. تایبەتمەندیی هاوبەشـی تەواوی ئەم چالاکییانە چ ئەو پیشـەگەرەی کە سوفاڵ یان خشتێ ساز دەکا یان ئەو پەیکەرتاشـەی کە پەیکەرێ ساز دەکا یان ئەو کرێکارەی کە ســەرقاڵی چێکردنی کارێکی نوێیە و  یان خود ئەو شــاعیرەی کە شــیعرێک دەخولقێنێ بەم پێناســـەیەی ئەفلاتوون لە خانەی پۆئێســـیســـدایە لەبەر ئەوەی هەر کام لەم کەسـایەتییانە سـەرقاڵی چالاکی و داهێنانی تایبەت بە خۆیەتی، بۆیە یۆنانییەکان بە تەواوی ئەم چالاکییانەیان دەگوت تێخنێ واتە کار و چالاکییەک کە لە ئەنجامدا دەبێتە داهێنان، بەمەوە چیتر

جیاوازییەک نامێنێ لەنێوان هونەری "داهێنەرێتی" و هونەری "ئاسایی"دا، بۆ نموونە ئەو پەیکەرتاشەی کە لە زەینی داهێنەرانەی خۆی کەڵک وەردەگرێ بۆ ئەوەی شتێکی نوێ ساز بکات، یان ئەو شاعیرەی کە خۆی بە زمانەوە سەرقاڵ دەکا و لەگەڵ زمان کایە دەکات بۆ ئەوەی شیعرێکی نوێ بخولقێنێ لەگەڵ ئەو کرێکارەی کە بە ئامێر و کەرەستەی بەردەست رۆژانە کار دەکا و بەرهەمی کارەکەی لە ئەنجامدا ڕەنگە شتێکی تازە بێت جیاوازییەکی نییە، جورجۆ ئاگامبێن لە باس و لێکدانەوەی دووانەی پۆئێسیس و پراکسیسدا لەم جیاوزاییە دەدوێت. ئاگامبێن داهێنانی هونەری لە تەواوی بەستێنەکانی هونەردا چ هونەری کەلامی (virbal art) لە چەشنی (شیعر و چیرۆک و ڕۆمان) یان هونەری بەسەری و دیداری لە چەشنی (سینەما، فۆتۆگرافی، شانۆ، شێوەکاری و پەیکەرتاشی) بە پراکسیسی داهێنەرانە دەزانێ. ئاگامبێن لە ڕاستیدا پراکسیسی داهێنەرانە بە یەکێک لە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی هونەری داهێنەرانە دادەنێ و بە زیادکردنی پاشگری (داهێنەرێتی) بۆ هونەر قامک دەخاتە سەر ئەو جیاوزاییەی نێوان هونەری داهێنەرانە و هونەری ئاسایی. ئاگامبێن کاتێک باس لە جیاوازیی پراکسیس لە پۆئێسیس دەکا، پراکسیس بە دەرکەوتنی ئیرادە و هێزی داهێنەرانە لێک دەداتەوە بۆ ئەم باسەش ئاماژە بە پێناسە شیعرییەکەی "نۆڤالیس" دەدات "کەڵکوەرگرتنی داهێنەرانە (پۆئێسیس ) و پراکتیکی (پراکسیس) و ئاگایانە و ویستەکی (ارادی) لە ئەندامەکانی ئێمە. ئاگامبێن لە باس و لێدوانی ئەم پێناسەیەی "نۆڤالیس" سەبارەت بە هونەری داهێنەرانە ئاماژە بە چەمکی "پراکسیس" دەدا و دەڵێت پاش ئەوەی کە هونەر دەبێت بە کارێکی پراکتیکی بە هۆی داهێنەرێتییەوە لە حاڵەتی پراکسیسێکی ئاسایی دەرباز دەبێ و دەبێت بە پاراکسیسێکی سەیر و سەمەرە لە چەشنی داهێنانی ئیستاتیکی، واتە هونەری داهێنەرانە لەگەڵ ئەوی کە پراکسیسێکی داهێنەرێتییە هاوکات داهێنانێکی ئیستاتیکیشە. بەمەوە کاتێک باس لە هونەری داهێنەرانە دەکەین لە ڕاستیدا باس لە کار و ڕەوتێکی داهێنەرانەی ئیستاتیکیش دەکەین، کاتێک باس لە هونەرمەندێکی ئافرێنەر دەکەین، دیارە مەبەستمان هونەرمەندێکی چالاک و ئافرێنەرە کە بە

هۆی تایبەتمەندیی داهێنەرێتییەوە جیا دەبێتەوە لە هونەرمەندێکی ئاسایی کە داهێنانێکی ئاسایی دەکات، بەم پێناسەیەی ئاگامبێن لە کەسایەتیی هونەرمەندی ئافرێنەر و هونەری داهێنەرێتی، دیارە لەنێوان کاری سیاسەتمەدارێک و پیشەگەرێکدا و هاوکات شاعیر و ڕۆماننووس و شێوەکارێکدا جیاوازییەکی بونیادی بوونی هەیە، کار و چالاکیی سیاستمەدار یان کرێکارێک، لەوانەیە بەتاڵ بێت لە داهێنانێکی ئیستاتیکی، بەڵام کاری شاعیر یان ڕۆماننووس یان خود تابلۆی شێوەکارێک وەک پراکسیسێکی هونەری بە هۆی ئەو داهێنەرێتییەی کە لە بەرهەمهێنانی کارەکەدا خەرج کراوە، هەڵگری داهێنانێکی ئیستاتیکی هونەرییە.

### ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم بابەتە کەڵکی لێ وەرگیراوە

1-(بین کانت و هگل) تقریراتی درباره ایده آلیســم آلمانی، دیتر هنریش: ترجمه هومن قاســمی.. تهران کتاب رایزن، 1395 پاورقی درس دوم: تجربه درونی و نظریه فلسفی، ص 34 اصطلاح پراگما نزد ارسطو.

2- (انسان بی محتوا) جورجو آگامبن؛ ترجمه داود میرزایی؛ نشر .. چاپ اول تهران شب خیز.. 1400 فصل 8 "پوسیس و پراکسیس"

3-( انسان بی محتوا ) .... فصل7 و 9 .. ساختار کار اصیل هنری..فقدان شبیه چهره است.

4- (پاره‌های فکر) هنر و ادبیات؛ مراد فرهادپور؛ انتشـــارات طرح نو. چاپ دوم؛ 1392؛ هنر، صورت حقیقت؛ نکاتی پیرامون زیبایی شناسی آدرنو.

5-(هنر و زبان) هانس گئورگ گادامر، پل ریکور، ترجمه. مهدی فیضـی؛ نشـر شـب خیز؛ چاپ اول 1399.